# التربية العملية في ضوء التوجهات العالمية المعاصرة وجودة إعداد (الطالب/ المعلم)

م. ريَكَر محمد سليم سعيد
جامعةالسليمانية/ كلية التربية الاساسية
reger.saleem@univsul.edu.iq

أ.د. نظام عبدالجبار حسين
جامعةالسليمانية/ كلية التربية الاساسية
Nidham. Hussein@univsul.edu.i

**الكلمات المفتاحية**: التوجهات العالمية، إقليم كردستان، المجتمع المدني.

**كيفية اقتباس البحث**

سعيد، ريَكَر محمد سليم ، نظام عبدالجبار حسين ، التربية العملية في ضوء التوجهات العالمية المعاصرة وجودة إعداد (الطالب/ المعلم)،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، شباط ٢٠٢٦، المجلد:١٦ ،العدد:٢ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مسجلة في Registered
ROAD

مفهرسة في Indexed
IASJ

# Practical education in the light of contemporary global trends and the quality of preparation (teacher/ student)

**Prof. Dr. nidham dbdujbar husein**
University of sulaymaniyah / Bisic of Education College

**Reseacher: REGER MOHAMMAD SALEEM**
University of sulaymaniyah / Bisic of Education College

**Keywords** : Global trends, Kurdistan Region, civil society.

**How To Cite This Article**
Husein, nidham dbdujbar, REGER MOHAMMAD SALEEM , Practical education in the light of contemporary global trends and the quality of preparation (teacher/ student),Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, February 2026,Volume:16,Issue 2.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**

This research aims to identify contemporary global trends in the field of preparing (students/teachers), and to take advantage of these trends in developing a proposed concept for the development of teacher preparation programs in pedagogical colleges. The research came to the conclusion of developing a proposed concept for the development of preparation programs (students/teachers) based on contemporary trends, based on the results of previous research that dealt with this field. The research recommended that the faculties of education in the Universities of the Kurdistan Region conduct a review and development of their teacher training programs, based on contemporary global trends, and in a way that meets the requirements of (students/teachers) in the educational field, achieves the aspirations of society, and suits the requirements of the Times. The research also made several proposals, including:

1. Review the system of selection and admission policies for students in teacher preparation programs, through the application of criteria that

ensure the selection of the best advanced levels globally, and the application of an integrated preparation system within the Faculty of Education.

2. Review the period of practical education so that the duration of its application is longer.

3. Expanding the field of cooperation between the faculties of education and civil society institutions, in order to achieve the construction of programs that meet the requirements of the labor market and provide the needs and aspirations of society.


**ملخص**

يهدف هذا البحث إلى **تحديد التوجهات العالمية المعاصرة** في مجال إعداد (الطلاب/المعلمين)، والاستفادة من هذه التوجهات في وضع **تصور مقترح لتطوير برامج إعداد المعلمين** في الكليات التربوية.

توصل البحث إلى نتيجة وضع **تصور مقترح لتطوير برامج إعداد (الطلاب/المعلمين)** بناءاً على التوجهات المعاصرة، بالاستناد إلى نتائج البحوث السابقة التي تناولت هذا المجال.

**أوصى البحث** بضرورة أن تقوم كليات التربية في جامعات إقليم كردستان بإجراء **مراجعة وتطوير** لبرامج إعداد المعلمين لديها، على أساس التوجهات العالمية المعاصرة، وبما يلبي متطلبات (الطلاب/المعلمين) في الميدان التعليمي، ويحقق تطلعات المجتمع، ويتناسب مع متطلبات العصر.

**كما قدم البحث عدة مقترحات، منها:**

١.**إعادة النظر في نظام سياسات اختيار وقبول الطلاب** في برامج إعداد المعلمين، من خلال تطبيق معايير تضمن اختيار أفضل المستويات المتقدمة عالميا، وتطبيق نظام الإعداد المتكامل داخل الكلية التربوية.

٢.**مراجعة فترة التربية العملية** بحيث تكون مدة تطبيقها أطول.

٣.**توسيع مجال التعاون** بين كليات التربية ومؤسسات المجتمع المدني، بما يحقق بناء برامج تلبي متطلبات سوق العمل وتوفر احتياجات وتطلعات المجتمع.

# پەروەردەی پراکتیکی لە سایەی ئاراستە جیهانییە هاوچەرخەکان و کوالێتی ئامادەکردنی (خوێندکاری/ مامۆستا) دا.

م. رێگر محمد سليم سعيد
پ.د. نظام عبدالجبار حسين
زانكۆی سلێمانی/ كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

(توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە)

**پوختەی توێژینەوە:**
ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ناسینی ئاراستە جیهانییە هاوچەرخەکانە لە بواری ئامادەکردنی (خوێندکارانی/مامۆستایان)، و سوودوەرگرتن لەم ئاراستە هاوچەرخانە لە دانانی تێگەیشتنێکی پێشنیارکراو بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی ئامادەکردنی مامۆستا لە کۆلێجە پەروەردەییەکاندا.
توێژینەوەکە گەیشتە ئەنجامی دانانی تێگەیشتنێکی پێشنیارکراو بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی ئامادەکردنی (خوێندکارانی/مامۆستا) لەسەر بنەمای ئاراستە هاوچەرخەکان، بە پشتبەستن بە ئەنجامی توێژینەوە پێشینەکان کە لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە.
توێژینەوەکە ڕاسپاردەی کرد بە پێویستی ئەوەی کە کۆلێژەکانی پەروەردە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا پێداچوونەوە و گەشەپێدانی بەردەوام لە پرۆگرامەکانی ئامادەکردنی مامۆستادا بکەن، لەسەر بنەمای ئاراستە جیهانییە هاوچەرخەکان، بە شێوەیەک، کە داواکارییەکانی (خوێندکارانی/ مامۆستا) لە مەیدانی فێرکردندا جێبەجێ بکات و لەگەڵ داواکارییەکانی سەردەم بگونجێت.
**هەروەها توێژینەوەکە چەند پێشنیارێکی ئاراستە کردووە، لەوانە:**
١.دووبارە پێداچوونەوە بە سیستەمی هەڵبژاردن و وەرگرتنی خوێندکاران و پرۆگرامەکانی ئامادەکردنی مامۆستادا، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پێوەرەکان کە هەڵبژاردنی باشترین ئاستە پێشکەوتووەکانی جیهان دەستەبەر بکات، و پەیڕەوکردنی سیستەمی ئامادەکردنی تەواوکار لەناو کۆلێژی پەروەردەدا.
٢.پێداچوونەوە بە ماوەی پەروەردەی پراکتیکی بکرێت بە شێوەیەک کە ماوەی جێبەجێکردنەکەی درێژ بێت.

٣.فراوانکردنی بواری هاوکاری لە نێوان کۆلێژەکانی پەروەردە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە شێوەیەک کە بنیاتنانی پرۆگرامەکان بەدی بهێنێت کە داواکارییەکانی بازاڕ جێبەجێ بکات و پێداویستی و ئاواتەکانی کۆمەڵگە دابین بکات.

## 1-کێشەی توێژینەوەکە:
دەتوانرێت دەستنیشانکردنی کێشەی توێژینەوە وەڵامی ئەم پرسیارانەبێت. چۆن دەتوانرێت سود لە ڕەوتە جیهانییە هاوچەرخەکان وەربگرێت، لە ئامادەکردنی (خوێندکارانی/ مامۆستا) لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا بەنموونە. لەم پرسیارانەی خوارەوەدا وەڵامەکە دیاردەبێت.
١- دۆخی بەرنامەکانی پرۆسەی ئامادەکردنی (خوێندکارانی /مامۆستا) لە هەرێمی کوردستاندا.
٢- ڕۆڵی ئاراستە جیهانییە هاوچەرخەکان لە بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان لە هەرێمی کوردستاندا چییە؟

٣- دیدگا پێشنیارکراوە بۆ گەشەپێدانی کارامەییەکانی وانەوتنەوە لە بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستادا لە ژێر چوارچێوەی پرۆسەی (پەروەردەی پراکتیك)دا.

**2- ئامانجی توێژینەوەکە:**

1-ڕوونکردنەوەی هەندێك دیدگای ئاراستەکراوە بۆ پرۆگرامەکانی ئامادەکردنی مامۆستا

2-ناساندنی ڕەوتە جیهانییە هاوچەرخەکان لە پرۆگرامەکانی ئامادەکردنی مامۆستا.

3-پێشکەشکردنی دیدگایێکە بۆ گەشەپێدانی کارامەییەکانی وانەوتنەوە بۆ بەرنامەکانی (پەروەردەی پراکتیکی) لە ئامادەکردنی (خوێندکارانی /مامۆستا)دا، لە کۆلێجەکانی پەروەردەی بنەڕەتییەکانە لە هەریمی کوردستاندا.

**3-/ گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە:**

1-گرنگی بابەتی توێژینەوەکە باسکردنی ئامادەکردنی (خوێندکارانی/ مامۆستا) یە، چونکە یەکێکە لەو بابەتانەی کە سەرنجی پەروەردەکاران و بەرپرسانی پەروەردە و فێرکردنی لە جیهانی ئەمرۆدا بۆ خۆی ڕاکێشاوە.

2- ڕۆڵی ناوەندی و بنەڕەتی مامۆستا لە نەخشەی باشتر کردنی کولیتی پەروەردەیی فێرکاریدا

3- ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامدانەوەیە بۆ ڕاسپاردەکانی ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوەکان کە بانگەشەیان کردووە بۆ پێویستی پەرەپێدانی بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستا لە هەرێمی کوردستاندا.

**4-** دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی لە بواری ئامادەکردنی (خوێندکاری/ مامۆستا) و کردنەوەی ئاسۆی داهاتوو بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان لە بوارەکانی تری جیاواز لە توێژینەوەکەدا.

**4- میتۆدی توێژینەوەکە:** بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، توێژینەوەکە میتۆدی وەسفیی-شیکاری بەکارهێناوە، بەهۆی گونجانی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی

**5- سنورو کەرەستەی توێژینەوەکە:**

١-سنوری کات: 2025-2026.

٢-سنوری شوێن: کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی لە زانکۆی سلێمانی

٣-سنوری بابەت: دەستنیشانکردنی دۆخی بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایە لە هەرێمی کوردستاندا و جەختکردنە لەسەر ڕەوتە جیهانییە هاوچەرخەکان لە ئامادەکردنی مامۆستا لەرێگەی ئەدەبیاتە پەروەردییەکانەوە بۆ سوودوەرگرتن لێیان و پشتبەستن بە دیدگای نوێی پێشنیارکراوی.

**1-1چەمکی پەروەردەی پراکتیکی:**

پرۆسەی ئامادەکاری پیشەیی بۆ وانەوتنەوە لە کولێژی پەروەردەدا تیشك دەخاتە سەر دوو لایەنی هاوتەریب: لایەنی ئامادەکاری تیۆری کە پەیوەستە بە خوێندنی پیشەیی تیۆری بینین (مشاهدة) وە لایەنی پراکتیکی پەیوەست بەراهێنانی مەیدانی (تطبیق)، واتە پەروەردەی پراکتیکی، دانانی (خوێندکاری/ مامۆستا) یە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ لە گەڵ واقیعی پراکتیزەکردندا.

کە"قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ئامادەکاریی بۆ وانەوتنەوە کە تیایدا (خوێندکاری/ مامۆستا )تاقیدەکریتەوە بۆ ئەوزانین و زانیاریانەی بە درێژایی خوێندنی زانکۆ بەدەستی هێناوە، چ زانستی یان تیۆری، بۆ ئەوەی لە ڕووی زانستی و کارگێرییەوە ئامادەی بکات بە سەرپەرشتی و ڕێنمایی مامۆستایانی زانکۆ لە کۆلێژەکانی پەروەردە و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان" ( محمد،

یونس، 2014، 11)، پەروەردەی پراکتیکی لایەنێکی تەواوکاریە لە فێرکردن، کە بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە لە گەشەکردنی هەمەلایەنە و هاوسەنگی خوێندکار لەرێگەی پراکتیزەکردنی چالاکییە جۆراجۆرەکانیەوە لە ژێر چاودێری مامۆستای لێهاتوودا بەم پێیە پرۆسەی ئامادەکردنی مامۆستا لە رووی ئەکادیمییەوە بە خالی دەستپێك دادەنرێت لە ئامادەکردنی تەواوی نەوەکاندا.

**2-1-1ئامانجەکانی پەروەردەی پراکتیکی:**

بە پێداچوونەوەی زۆرێك لەو توێژینەوانەی کە ئاماژە بە ئەدەبیاتی پەروەردەیی پراکتیکی دەکەن ، زیاتر روون و ئاشکرا دەبێتەوە کە پەروەردەی پراکتیکی دەتوانێت پرۆسەیەك بێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە:( الحلیبی، 1996، 87). و ( محمد، یونس، 2014، 2)و ( المطلق،2010، 65) و(حەمە مراد، 2011، 37)و ( الخطابیة، 2002, 10)

1-پەروەردەی پراکتیکی بوارێکە بۆ راهێنانی( خوێندکاری/ مامۆستا) لەسەر هەندێك کارامەیی جۆراوجۆری وانەوتنەوە، بۆ گەیشتن بە هەندێك کارامەیی دیکە وەك( پلاندانان بۆقۆناغی پراکتیزەکردن).

2-پەروەردەی پراکتیکی بە دەرفەتێک دادەنرێت بۆ تێکەڵکردنی لایەنی پیشەیی لە ئامادەکردنی خوێندکار لەگەڵ لایەنی پسپۆری.

3-پەروەردەی پراکتیکی بەرپرسایەتی بەرێوەبردنی پۆل و چاودێریکردنی ژینگەی قوتابخانە بە هەموو رەهەندەکانییەوە هەڵدەگرێت ،کارلێککردن لەگەڵ توخمە جیاوازەکانیدا، ئەمەش چەندین لایەنی فێربوون بە خوێندکاران دەبەخشێت .

4- پەروەردەی پراکتیکی دەتوانێت پەرە بە چەندین ئاراستەی ئەرێنی لە خوێندکاراندا بەرامبەر پیشەی وانەوتنەوە بدات. یان پەرە بە ئارەزووی خوازراویان بدات ، کە پەیوەندی بە وانەوتنەوە هەیە وەك پیشە، ئەمەش بە پێچەوانە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر ئەدای داهاتوویان وەك مامۆستا .

5- پەروەردەی پراکتیکی رێگە بە فێرخوازان دەدات کە تەواوی دۆخی پراکتیزەکردن لە سەر ئەرزی واقیع ئەزموون بکەن و ئەم دۆخە تێبینی و شیکاری بکەن، هەروەها چالاکی گونجاو لەخۆ بگرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی.

**3-1-1-گرنگی پەروەردەی پراکتیکی :**

پەروەردەی پراکتیکی مەرجێکی سەرەکییە، بۆ ئامادەکردنی خوێندکاران بە شێوەیەکی پیشەیی بۆ ئەنجامدانی ئەرکە پەروەردەییەکانیان بە ئاستێکی بەرز و لێهاتوو، تاکە پرۆسەیە کە توانای دەستنیشانکردنی چەندێتی وەرگرتنی (خوێندکاری/ مامۆستا)یە لە خوێندنی تیۆری و پراکتیکی لە ماوەی ئامادەکارییەکەیدا کە بە دەستکەوتووە. پەروەردەی پراکتیکی بە بڕبڕە یان بناغەی بەرنامەکانی ئامادەکاری خوێندکاران دادەنرێت پشتی پێدەبەستن و لەوێوە دەتوانرێت ڕادەی زانیاری خوێندکاران لەسەر ستراتیژییەکانی فێرکردن ببینرێت، کە لە ڕووی تیۆریەوە لە مەنهەجی ئامادەکاریدا فێری دەبن. نەهێشتنی بۆشاییە لە نێوان تیۆری و پراکتیکیدا ، بەو پێیەی ئەو بوارەیە کە بنەما و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ڕاهێنانیان پێدەکەن و بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەرکی وانەوتنەوەیان جێبەجێ بکەن.

"ئامادەکاریی مامۆستا پانتاییەکی زۆری لە بیرکردنەوەی پەروەردەکاران و داڕێژەرانی سیاسەتی پەروەردەیی داگیرکردووە، و بووەتە جێی سەرنجی گفتوگۆ لە کۆنفرانس و سیمینار و ناوەندەکانی توێژینەوەی زانکۆکان، چ لەسەر ئاستی جیهانی، ناوچەیی یان نیشتمانی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئامادەکاری مامۆستا پێکهاتەیەکی سەرەکی سیستەمی پەروەردەیی پێکدەهێنێت،(الخطابی، واخرون، 2005، 15) ،ئاست و توانستی مامۆستا تا ڕادەیەکی زۆر

پەیوەستە بەو پرۆگرامانەی کە (خوێندکاری/ مامۆستا) پێش خزمەت وەردەگرێت،بەتایبەتی بابەتەدەروونناسی و پەروەردەییەکان و پێوانە و هەڵسەنگاندن و پەروەردەی پراکتیکی)، کە تیشک دەخاتە سەر بەکارهێنانی ڕاستەقینەی کارامەییەکانی وانەوتنەوە وەک لێهاتوویی لە پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی وانەکە بە شێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیارکارە پێداگۆجییەکان بە یارمەتی ئامرازە جۆراوجۆرەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پۆل بە شێوەیەک کە بەشداربێت لە پەرەپێدانی توانای (خوێندکاری/ مامۆستا )بە شێوەیەکی کاریگەرتر (المطلق، 2010، 63).

**4-1-1-قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکی:**

بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی بناغەیەکی گرنگ پێکدەهێنێت لە چۆنیەتی ئامادەکردنی (خوێندکاری/ مامۆستا) "لەژێر بەندەکانی ئامادەکردن و شیاوکردنی بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستایەک کە بتوانێت ڕۆڵی پیشەیی خۆی بگێڕێت، بەجۆرێک کە پێوەر و ڕەوشتەکانی پیشەکەی بەدی بهێنێت لەژێر ڕۆشنایی ڕێنماییە پەروەردەییەکان و نیشتیمانییەکان و پەیوەندیدارەکان. بۆ بەدیهێنانی ئەمەش، پەروەردەی پراکتیکی دابەشکراوە بەسەر چوار قۆناغی یەک لەدوای یەکدا، کە بەپێی ڕیزبەندییەکی لۆژیکی و دەروونی ، هەریەک لەم قۆناغانە کۆمەڵێک دەرئەنجامی چاوەڕوانکراو لەخۆدەگرێت، کە چاوەڕوان دەکرێت لە ڕێگەی ناوەڕۆکێکی ڕاهێنانی دیاریکراوەوە بەدی بهێنرێن و لە کۆتایی هەریەک لە قۆناغەکاندا هەڵدەسەنگێنرێن لە ڕێگەی ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندنی دیاریکراوەوە کە لەگەڵ سروشتی ئەو ئەزموونەی (خوێندکاری/ مامۆستا) هەیەتی دەگونجێت.

لێکۆڵەران دابەشکردنێکی زۆریان بۆ قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکی (التربية العملية) کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو پرۆگرامانەی کە لە وڵاتان و زانکۆ جیاوازەکاندا داڕێژراون. دوای ئاگاداربوون لە دابەشکردن و قۆناغە جیاوازەکانی پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا قۆناغەکانی پرۆگرامی پەروەردەی کرداری بۆ چوار قۆناغی سەرەکی دیاری کردووە، کە ئەمانەن:

**1-یەکەم - قۆناغی ئامادەکاری ودەستپێکی(مرحلة الإعداد والتمهيد)،**

ئەم قۆناغە بە یەکێک لە قۆناغە زۆر گرنگەکان دادەنرێت، چونکە وەک ئەو بنەمایە وایە کە پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی لەسەر بنیات دەنرێت. ئەگەر ئەم بنەمایە بەهێز و پتەو نەبێت، تووشی درز و داڕمان دەبێت، و ئەمە ڕاستییەکی کۆنکرێتییە ، کە نابێت لێی غافڵ بین(حسن،2008، 232)،قۆناغی ئامادەکاری یان دەستپێکی(مرحلة الإعداد والتمهيد)، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

- قۆناغی ئامادەکاری بۆ پەروەردەی کرداری، کە بریتییە لە دابەشکردنی (خوێندکاری/مامۆستایان) بەسەر گروپەکاندا و دیاریکردنی سەرپەرشتیارانی پەروەردەی کرداری.

- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پەروەردەی کرداری لەلایەن نووسینگەی پەروەردەی کرداری و سەرۆکی بەشی پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، و پێدانی هەموو ڕێنمایی و ئاراستە پێویستەکان بە سەرپەرشتیاران بۆ سەرخستنی پەروەردەی کرداری.

- تەرخانکردنی دوو هەفتەی یەکەمی پەروەردەی کرداری بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ (خوێندکارانی/مامۆستا )و پێدانی ڕێنمایی و ئاراستەکردنی پێویست سەبارەت بە بەڕێوەچوونی پەروەردەی کرداری، ئاشنابوون بە ڕێگاکانی وانەوتنەوە، جەختکردنەوە لەسەر دانانی دەفتەری پلان، و دابەشکردنی بەسەر قۆناغەکانی پەروەردەی کرداری کە بریتین لە: بینین

(مشاهدة)، وانەوتنەوە وتنەوە (إلقاء)، و وانەوتنەوەی سەربەخۆ (انفراد)،(مرتضى،2013، 75-77)

**٢-قۆناغی دووەم: قۆناغی بینین(المشاهدة):**

بینین یەكێكە لە قۆناغەكانی پەروەردەی پراكتیكی و مەرجەكانی، لە وەرزی یەكەمی خوێندنی قۆناغی چوارەمدا خوێندكاران دەچنە قوتابخانەكان بۆ بینین و تێبینیكردنی دۆخی پەروەردەیی و فێركردن و شێكردنەو و شێواز و ڕێگاكانی وانەوتنەوە و پرۆگرامەكانی خوێندن، ئاستی خوێندكار و گەشەكردنی لایەنی دەروونی و مەعریفی، ئەم هەنگاوە یارمەتی (خوێندكاری/مامۆستا) دەدات كە لە دوای خوێندنی بابەتەكان بە شێوەی تیۆری، لە لایەنی كرداریی فێركردن نزیك ببنەوە.

لەم قۆناغەدا، بینینی ژمارەیەك وانە ئەنجام دەدرێت كە مامۆستای بنەڕەتی بۆ بابەتە پسپۆرییەكانی خۆی و بۆ هەموو ئەو قۆناغانەی خوێندن كە بۆ (خویندكاری/مامۆستا)ی پۆل دیاریكراوە (واتە لە پۆلی یەكەمەوە تا پۆلی نۆ) واتە قۆناغی بنەڕەتی دەیڵێتەوە، لەم ماوەیەدا، سەرپەرشتیار كارتی تێبینی و خاڵە سەرەكییەكان دەداتە خوێندكارەكانی گروپەكەی، كە لە ڕێگەیانەوە هەڵسەنگاندن بۆ كاری مامۆستای بنەڕەتی دەكرێت، دوای وانەی بینینەكە، "سەرپەرشتیار لەگەڵ ئەندامانی گروپەكەدا كۆدەبێتەوە و گوێ لەو تێبینیانە دەگرێت كە هەریەكەیان سەبارەت بە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەكانی وانەكە تۆماریان كردووە، لەگەڵ پێشنیازكردنی جێگرەوەی گونجاو،پاشان سەرپەرشتیار تێبینی خۆی لەسەر هەموو ئەمانە دەدات و ئاراستە و ڕێنمایی گونجاو پێشكەش بە ئەندامانی گروپەكە دەكات، و جەخت لەسەر دووركەوتنەوە لەو لایەنە نەرێنیانە دەكاتەوە كاتێك خۆیان وانە دەڵێنەوە. باشتر وایە مامۆستای بنەڕەتیش لە گفتوگۆكەدا بەشدار بێت"(مرتضى،2013، 76)

بینین توانای (خویندكاری/مامۆستا) پەرە پێدەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی بابەتیانە سەیری توخمەكانی دۆخی فێركردن بكات. هەروەها فێری دەكات چۆن تێبینی و پێشنیارەكانی خۆی لەسەر وانەكان دەرببڕێت. یەكێك لە ئامانجە سەرەكییەكان بریتییە لە دیاریكردنی خاڵە بەهێز و لاوازەكانی وانەكان، بە مەبەستی ئەوەی لە داهاتوودا وەك مامۆستا بتوانێت سوود لە خاڵە بەهێزەكان وەربگرێت و خۆی لە دووبارەكردنەوەی خاڵە لاوازەكان بپارێزێت. شێوازی ئەنجامدانی پرۆسەی بینین بریتییە لە تێبینیكردن و تۆماركردنی وردەكارییەكانی دۆخی فێركاری و هەموو ئەو ڕووداوانەی كە لەناو پۆلدا ڕوودەدەن. ئەم كارە لە ڕێگەی چەندین شێوازەوە ئەنجام دەدرێت، وەك:

- نووسینەوەی تێبینییەكان.
- بەكارهێنانی "فۆرمی تێبینیكردنی ئامادەكراو.
- تۆماركردنی دەنگی یان ڤیدیۆیی.( محمد، یونس، 2014، 2)

**3- قۆناغی سێیەم: قۆناغی پراكتیزەكردن یان ( ڕاهێنان)ە**

پراكیزەكردنی پراكتیكی كە هەندێك جار پێی دەوترێت ڕاهێنانی مەیدانی، ئەو قۆناغەیە كە (خویندكاری/مامۆستا) لە خوێندنی تیۆرییەوە لە كۆلێژ یان پەیمانگادا دەچێتە بواری ڕاهێنان لە

قوتابخانەکاندا، لەوێدا ئەو تیۆری و بنەما و چەمک و بناغە و شێوازەکانی فێرکردن کە لە ماوەی چوار ساڵی خوێندندا خوێندوویەتییەوە دەگۆڕێت بۆ واقیعی ڕاستەقینە و پراکتیکی لە بواری ڕاستەقینەی خۆیدا.. "زانراوە لەم قۆناغەدا ترس و دڵەڕاوکێ و سەرلێشێواوی پێش و لە کاتی بەکارهێنانی مەیدانیدا زاڵ دەبێت، بەو پێیەی گەورەترین ئاڵنگاری ئەوەیە کە توانای فێرکاری خۆی بسەلمێنێت و بەرپرسیارێتی وانەوتنەوە لە ئەستۆ بگرێت"( محمد، یونس، 2014، 38 )

**4-هەڵسەنگاندن و بەدواچوونی پەروەردەی پراکتیکی** :پرۆسەی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون لەسەر بنەمای چەمکی هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینە (Authentic Evaluation) دامەزراوە، کە تێیدا پرۆسەی هەڵسەنگاندنی خوێندکاری - مامۆستا تەنها بریتی نییە لە خەمڵاندنی چەندێتی کارکردن، بەڵکو دەگاتە خەمڵاندنی چۆنایەتی. لێرەدا هەڵسەنگاندنەکە تەنها بۆ بڕیاردانێکی کۆتایی نییە لەسەر ڕاهێنراو، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی پەروەردەییە کە ئامانجی پەرەپێدانی کارکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی مەیدانی (خوێندکاری/مامۆستا) یە.(حەمە مراد،2011، 47)، لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارەکانی خوێندکاری مامۆستادا، هەریەک لە بەڕێوەبەری قوتابخانەی هاوکار، مامۆستای هاوکار و سەرپەرشتیار بەشدار دەبن.

**2-1-ئاراستە جیهانییە هاوچەرخەکان بۆ کوالیتیکردن و ئامادەکردنی مامۆستا لە پەروەردەی پراکتیکی:**

لە سەردەمی ئێستادا، گرنگیدان بە دامەزراوەکانی ئامادەکردنی مامۆستا لەسەر ئاستی جیهان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. لە ئەنجامدا، چەندین سیستەمی پەروەردەیی دەستیان بە نوێکردنەوەی بنەڕەتی کردووە لە سیاسەت، ئامانج، ناوەڕۆکی پرۆگرام و شێوازەکانی وانەوتنەوەیاندا. ئامانجی سەرەکیی ئەم گۆڕانکارییانە، ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە نوێیەکان و خۆگونجاندنە لەگەڵ ئەو پێشهاتانەی کە ڕۆڵی نوێی مامۆستایانی داهاتوو دەیخوازێت. گومانی تێدا نییە کە ئەو پێشکەوتنانەی جیهانی هاوچەرخ لە هەموو بوارەکاندا بەخۆیەوە دەیبینێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر پێگەیاندنی مامۆستا هەبووە. ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین ئاراستەی نوێی پەروەردەیی کە ئامانجیان باشترکردن و چاککردنی پرۆسەی ئامادەکردنە (حمادة، 2005، 30)،**چەندین هۆکار لەپشت دەرکەوتنی ئەم ئاراستەنوێیانەوەن، لەوانە:**

•**پێشکەوتنە زانستییەکان** :ئەو پێشکەوتنە بەردەوامانەی لە زانستە پەروەردەیی و دەروونییەکاندا بەدەست هاتوون، تێڕوانینێکی نوێیان بۆ پرۆسەی فێرکردن و ئامادەکردنی مامۆستا هێناوەتە ئاراوە.

•**ڕۆڵی نوێی مامۆستا** :توێژینەوەکانی داهاتوو ئەو ڕۆڵە جیاوازانە دەستنیشان دەکەن کە چاوەڕوان دەکرێت مامۆستا لە قوتابخانەی مۆدێرندا بیبینێت.

•**بێتوانایی شێوازە تەقلیدییەکان** :ئەو شێوازە کۆنانەی بۆ ئامادەکردنی مامۆستا بەکاردەهێنران، چیتر ناتوانن وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەم بن.

•**زیادبوونی هۆشیاری** :هۆشیاریی گشتی لەبارەی گرنگیی پەروەردە و ڕۆڵی مامۆستا لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا زیادی کردووە.( قدار، علیوة، ، 2017، 16)

کۆی ئەم هۆکارانە بوونەتە پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ پێشنیارکردن، تاقیکردنەوە و پەرەپێدانی شێواز و مۆدێلی پێشکەوتوو و هاوچەرخ لە پرۆگرامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایاندا.

**یەکەم - مۆدێلی پێشکەوتوو لە ئامادەکاری مامۆستا و پەروەردەی پراکتیکی:**

**١-ئامادەکاری مامۆستا لەسەر بنەمای لێهاتوویی:**

شێواز و ڕێگای ئامادەکردنی مامۆستا لەسەر بنەمای شارەزابوون لە کارامەیی و لێهاتووییەکان یەکێکە لە گرنگترین ڕەوتە مۆدێرنەکان لە دامەزراوە پەروەردەیدا بەرەو ئامادەکاری مامۆستا ،

ئەم ڕەوتە نوێنەرایەتی گۆڕانکارییەکی گرنگ لە فەلسەفەی ڕاهێنان و پەروەردەی مامۆستایان دەکات. ڕەنگە پەسەندکردنی ئەم بەرنامانە لەلایەن پەروەردەکارانەوە ئێستا ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە یەکێکە لە باشترین چارەسەرەکان کە پێشنیار کراوە بۆ کێشەی ئامادەکردنی مامۆستا، چونکە ڕەنگدانەوەی واقیعی ئەوەیە کە مامۆستا لە ڕاستیدا چی دەکات، و پێویستە بەپێی بەرزترین ئاستەکانی بوارەکەی چی بکات." بزووتنەوەی چاکسازی لە پرۆگرامەکانی پەروەردەیی و ئامادەکردنی مامۆستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستیکردووە بە گرنگیدان ئامادەکردنی مامۆستا لەسەر بنەمای لێهاتووییەکانی وەک یەکەم بزووتنەوەی هەمەلایەنە بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستای. لە گرنگترین لێهاتووییەکانی وانەوتنەوە بۆ ئامادەکاری مامۆستا بریتین لە کارامەییەکانی کارلێککردن لەناو پۆلدا، شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندکاران، بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە، کارلێککردن لەگەڵ خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت. ( Miller, ID,1993,44)

**٢- ئامادەکاری مامۆستا لەسەر بنەمای بەجێهێنان(الأداءات):**

ئەم ڕەوتە وا گریمانە دەکات کە پراکتیکی وانەوتنەوە چالاکیەکی پیشەیی وەک پراکتیکی پزیشکی بێت، هەر بۆیە پێویستی بە ڕاهێنانی تایبەتمەند هەیە لە ژێر چاودێری و ڕێنمایی پیشە دانپێدانراوەکان(سەرپەرشتیار)تایبەت لە بواری پەروەردەدا. ئەم ڕەوتە لەلایەن گرووپی هۆلمزی ئەمریکی بۆ چاکسازیی مامۆستایان پشتیوانی دەکرێت و هەربۆیە ناتوانرێت چارەسەری دروستکردنی مامۆستایان بکرێت جگە لەئەرکە پراکتیکییەکان لە فێرکردندا. (گرووپی هۆڵمز: مامۆستایانی داهاتوو) لە ڕێگەی مامۆستای پێشکەوتوو کە بۆ ماوەی ساڵێک لە قوتابخانەکەدا ڕاهێنان دەکات پێش ئەوەی دامەزرابێت بۆ قوتابخانەکان (Heddens, J, W, 1992 ,P20) .

**3-ئاڕاستەکردن بەرەو( پەروەردە و کۆمەڵگا)**

دابینکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ هەمووان پەیوەستە بە دابینکردنی مامۆستا بۆ هەموو بەپێی قۆناغەکانی تەمەن و ڕۆشنبیری و ژیری. هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە لە ژێر ڕۆشنایی پەسەندکردنی بنەمای پەروەردە بۆ هەمووان، دەبێت چەمکی لێهاتووییەکان لە میراتی پەروەردەیی ڕەگ داکوتێت بۆ ئەوەی بە لێهاتوویی پسپۆری تایبەتمەند هەژمار بکرێن، هەروەها پێویستە مامۆستای پەروەردەیی بۆ هەمووان لە ژێر ڕۆشناییاندا ئامادە بکرێت، لە بوارەکانی پەروەردەی بنەڕەتی و مامۆستایانی پۆلی یەکەم بەتایبەت پلان و بەرنامەکانی ئامادەکاری مامۆستا پێویستە ئامادەبکرێن بۆ پلان و بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستا و پۆلێنیان بکەن بۆ لێهاتووییە مەعریفیەکان و سۆزداری و بەجێهینان لە چەمکی پەروەردە بۆ هەمووان (Warren, D.G., 1991).

**4- ئاراستەکردنی ئەزموونەکانی تاقیگەیی (كلينيكى):**

ئەم ڕەوتە نزیکە لە فەلسەفەی کاری مەیدانی و پوختەکردنە لە گۆڕینی وتارەکەی زانکۆ بۆ بارودۆخی فێرکردن بۆ قوتابخانەکان دەکات، بە دروستکردنی ژینگەیەکی پەروەردەیی دەستکرد کە بە شیوەیەك ئامادەکراوە کە پێشنیاری ئەوە بۆ خوێندکارەکە بکات لەباودۆخێکدا کاربکات کە زۆر هاوشێوەی ئەوەیە کە بارودۆخی فێرکردنی ڕاستەقینەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها شێوازی وانەوتنەوەی بچوکراو (Micro Teaching)، هاوشێوەکردن (Simulation)کە لە گرنگترین شێوازەکانن لەم ئاراستەیەدا.

چونکە پەیرەوی وانەوتنەوەی ڕاستەقینە دەکات و ڕێگە دەدات بە ڕاهێنانی چڕ و بەردەوام لەسەر کارامەییەکی دیاریکراو یان کۆنترۆڵکردنی هەندێک لایەنی پرۆگرام یان ڕاهێنان لەسەر ڕێگا تایبەتەکانی وانەوتنەوە. هەروەها ڕێگە بە ڕێنمایی وردی شێوازی پەروەردەیی

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٢

دەدات و توخمەکانی زانینی ئەنجامەکان بە بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆری فیدباک بەرز دەکاتەوە، "هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی ئاسانکراو و دوور لە ئاڵۆزییەکانی وانەوتنەوە لە پۆلە ئاساییەکاندا. ئەم ئاراستەیە لە ئامادەکردنی مامۆستایاندا دەگاتە دابینکردنی پێشینەیەکی تیۆری بۆ (خوێندکاری/ مامۆستا) لەسەر ئەو لێهاتووییەی کە دەبێت بەدەستبهێنرێت. بەدەستهێنان، شێوازەکانی جێبەجێکردن و ئامرازەکانی هەمەچەشنییان، هەروەها سوود لە ئامرازەکانی فێرکردن و تەکنیک و خۆ هەڵسەنگاندن وەردەگرێت بۆ ئەوەی لە هەموویاندا شارەزا بێت لە کارامەییەکانی وانەوتنەوە لە دۆخێکی فێرکردنی بچووکدا "(Miller,ID,1993,P.54)

**5- ئامادەکردنی مامۆستا بەپێی شێوازی شیکاری سیستەم(النظم)**

شیکاری سیستەمی پرۆگرام لە بیرکردنەوە و ریگەی بۆ سەیرکردنی هەر چالاکیەک یان کێشەیەک، بنەماکانی لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە کە ڕۆڵگێرانی سیستەمێکی یەکگرتوو دەکات لەگەڵ زانیارییەکانی تێچوو و پرۆسەکان، دەرچوون و فیدباکەکانی، پرۆسەی دروستکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە شێوازی شیکاری سیستەمەکاندا ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

-دیاریکردنی ئامانجە فێرکارییەکان بە پشتبەستن بەو ڕۆڵانەی کە مامۆستا ئەنجامی دەدات.

-دارشتنی ئامانجەکان دارشتنێکی ڕەفتاری ڕێکارانەیە کە دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت و بپێورێت و هەڵبسەنگێندرێت.

-کۆکردنەوەی ئامانجە ڕەفتارییەکان بۆ هەر بابەتێکی خوێندن و گۆشەگیرکردنیان.

-دروستکردنی ئەو سیستەمەی کە بەرنامەکە پێکدەهێنن (زانین ،زانیاری،بریارەکان)

-دانانی بەرنامەکە بۆ بابەتی ئەزموونکراو.

-بەکارهێنانی بەرنامەیەك مەیدانی لە کۆلێژەکانی پەروەردە دا(مداح، ٢٠٠٣، ٧٥)

پەروەردەی پراکتیکی لە ڕێگەی چەندین مۆدێلی پراکتیزەکراوە ئەنجام دەدرێت، کە هەریەکەیان جیاوازە لەوەی تر بەپێی فەلسەفە و ئامانجەکانی هەر کۆلێجێکی پەروەردە . نموونەی ئەم مۆدێلانە بریتین لە قوتابخانەی پراکتیکی بۆ ئەوەی ئامادەکردن و چەمکی مامۆستا یاریدەدەر ، وانەوتنەوە بە تیم، ڕاهێنانی بچووکراو، بۆ بە دەستهێنانی پەروەردەیەکی پراکتیکی باشتر بە کار هێنانی ستراتیجیەکانی تەکنەلۆجیای نوێ لەوانە کۆرسی بچوك(Mini Courses) پاکێجی ڕاهێنان (Training packages) و شێوازەکانی هاوشێوەکردن(Simulation) شیکاری کارلێکی نێو پۆل (Classroom Interaction Analysis) بەپێی چەندین سیستەم، لەنێویاندا سیستەمی فلاندەرز ، ئەمەش وا ڕووندەکریتەوە ئاراستەکانی پەروەردەی سەردەم لە بواری ئامادەکردنی مامۆستایاندا بەبێ گوێدان لە جۆری پسپۆرییەکەیان، چوار مۆدێلی سەرەکی هەیە کە لە لایەن هەندێك لەزانکۆکانی وەلاتانی پێشکەوتوو پەسەندکراوە:

**2-2- دووەم: ئاراستەکانی پەروەردی پراکتیکی سەردەم بەپێی سیستەمی فلاندەرز لە ئامادەکردنی خوێندکاری مامۆستادا.**

**-لە ڕووی ماوەی و قۆناغەکانی و سەرپەرشتیکردنی:**

پەروەردەی پراکتیکی بڕبڕەی ئامادەکاری پەروەردەییە، کە لە ڕێگەیەوە مامۆستا ڕۆڵی خۆی پراکتیزە دەکات و توانای خۆی تاقی دەکاتەوە و ئەدای کارامەییەکانی باشتر دەکات. هەڵبژاردنی ڕاستگۆیانە بۆ ئەوەی تا چەند (خویندکاری/مامۆستا) لەوبابەتانەی ئەکادیمی و پەروەردەییانەی کە خوێندوویەتی تێگەیشتووە. لایەنی تیۆری مامۆستا دروست ناکات، بۆیە دەبێت ڕاهێنانی کردەیی بە پرامتیزەیی هەبێت. پەروەردەی پراکتیکی کە هەندێکجار پێی دەوترێت ڕاهێنانی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 2
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مەیدانی، بە ڕاهێنان لە پراکتیکی ڕاستەقینەی پیشەی وانەوتنەوە لەو قوتابخانانەی کە (خوێندکاری/مامۆستا) خۆی ئامادە دەکات بۆ وانەوتنەوە بە ڕێنمایی سەرپەرشتیاران.
بە پشتبەستن بە گرنگی پەروەردەی پراکتیکی و ئەزموونی مەیدانی لە هەموو ئاستەکاندا، پێداچوونەوە بەو سیستەمە دەکەین کە بۆ بەرنامەکانی پەروەردەی پراکتیکی لە زانکۆ نێودەوڵەتییەکان دانراوە. بە پێداچوونەوە بە پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی لەسەر ئاستی کۆلێژەکانی پەروەردە لەسەر ئاستی جیهانی لە ئەمریکا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، سوید، ژاپۆن و مالیزیا، دەتوانین کۆمەڵێک جێگرەوە وەک پوختەیەک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکان کە ئەم پرۆگرامە جیا دەکەنەوە بەپێی ئەمانەی خوارەوە:

**١-ئامادەکارییەکان بۆ پەروەردەی پراکتیکی**

ئەنجامی ئەزموونە نێودەوڵەتییە سەرکەوتووەکان لە سیاسەتی ئامادەکاری پیشەی مامۆستادا، پشتڕاستی کردەوە کە دەتوانرێت زۆرترین سوود لە پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی بەدەست بهێنرێت بە بەدواچوونی ئەم خاڵانەدا:
-گەیشتن بە یەکگرتنی نێوان بابەتەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پەروەردەی پراکتیکی لە یەک پێکهاتەی تەواودا.
-جەختکردنەوە لەسەر بوونی زیاتر لە وەرزێکی خوێندن لەسەر شێوازی وانەوتنەوە کە بەسەر چوار ساڵی خوێندندا دابەشکراوە، لە ساڵی دووەمەوە دەست پێدەکات.
-ناساندنی پرۆگرامەکانی پەروەردەی پراکتیکی بە کۆمەڵێک بابەتی سەرەکی بە بێ سەرکەوتن تێیدا ڕێگە بە (خوێندکاری/مامۆستا) نادات بچێتە بواری پەروەردەی پراکتیکییەوە، بۆ نموونە بابەتی دەروونناسی پەروەردەیی، ڕێنمایی و ڕاوێژکاری، ڕێگاکانی وانەوتنەوە، پرۆگرامەکانی خوێندن، ئامرازەکانی فێرکردن، تەکنەلۆجیای فێرکردن و بەڕێوەبردنی پەروەردەیی. (غنيمة،1996، 57)

**٢-ماوەی تەرخانکراو بۆ پەروەردەی پراکتیکی:**

مشتومڕ لەسەر ئەو ماوەیەی کە بۆ پەروەردەی پراکتیکی و ئامادەکردنی پیشەیی بۆ مامۆستا تەرخان کراوە سەریهەڵدا کە دەرئەنجامی ئەمەش دەرکەوتنی چەندین پێشنیار و بەرنامە بووە. بۆیە جیاوازی دەبینین لە ماوەی تەرخانکراو بۆ خوێندنی پراکتیکی لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تر، بەو پێیەی هەندێک وڵات وەرزێک لە نێوان (١٠-٢٧) هەفتەدا تەرخان دەکەن، لەکاتێکدا وڵاتانی دیکە تەواوی ساڵێکی خوێندن بۆ خوێندنی پراکتیکی تەرخان دەکەن، بەگشتی ڕێژەی ستانداردی نێودەوڵەتی زیاد لە پێویست بەرچاو دەکەوێ لە ماوەی خوێندنی پراکتیکیدا دیاردەبێت (قورة، 1993، 104).

**٣-سیستەمی دابەشکردنی پەروەردەی پراکتیکی لە ماوەی ساڵانی خوێندندا:**

پرۆگرامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان لە زانکۆ نێودەوڵەتییەکان جەختیان لەسەر گرنگی دەستپێکردنی خوێندنی زانستی پلە پلەیی لە ساڵی یەکەمەوە لە زانکۆ تا ساڵی دەرچوون، لەگەڵ جیاوازی لە کێشی ڕێژەیی ئەو ڕۆژانەی تەرخانکراوە بۆ چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەی پراکتیکی وەک تێبینیکردن و ڕاهێنانی دابەشکردنی چڕ بەپێی ئەم جێگرەوانەی خوارەوە:

**2-1-2چەند جێگرەوەیەك بۆ سیستەمی دابەشکردنی پەروەردەی پراکتیکی قۆناغ بە قۆناغ:**

**جێگرەوەی یەکەم: - سیستەمێک بۆ دابەشکردنی پەروەردەی پراکتیکی لە کاتە ڕێکخراوەکاندا بەم شێوەیە:**

**کاتی یەکەم:** ماوەی ئامادەکاریی لەناو کۆلێژدا بۆ ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر کارامەییەکانی دارشتنی ئامانجەکان، پلاندانان بۆ وانەکان، بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی فێرکاری، و دروستکردنی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی وانەوتنەوەی مایکرۆتیچینك، سەردانکردنە مەیدانییەکان.

**کاتی دووەم:** لەناو قوتابخانەدا ئەنجام دەدرێت و سنووردارە بە چاودێریکردنی و تێبینیکردنی مامۆستای قوتابخانە و پسپۆری ناوبراو لەسەر شێوازەکانی ئامادەکردن و وانەوتنەوەی بابەتەکە و چالاکییەکانی ڕۆژانە بۆ هەڵچنینی ئەرکەکانی قوتابخانە و تۆماری نەهاتووەکان،بەشداریکردنی لەگەڵ مامۆستا لە ناو پۆلدا.

**کاتی سێیەم** : لەم ماوەیەدا خوێندکار بەرپرسیارێتی وانەوتنەوە لە ئەستۆ دەگرێت ، وانەیەکی تەواو یان بەشێکی لە ژێر چاودێری سەرپەرشتیار ،بە ئامادەبوونی هاوکارەکانی دەڵێتەوە، ماوەیەکی گونجاو دەخایەنێت کە لەلایەن سەرپەرشتیارەوە دیاریکراوە.

**کاتی چوارەم:** کە خوێندکار لەم ماوەیەدا دوای تەواو بوونی کاتەکانی سەرەوە خویندکار لەم ساتەوە بەرپرسارێتی تەواو لە ئەستۆ دەگرێت لە وانەوتنەوەی کۆمەڵێك وانە بەتەنیا بێ هاوکاری مامۆستای قۆتابخانەکە ( غنيمة، 1996، 57 ).

**2-1-3جێگرەوەی دووەم: نزیکە لە جێگرەوەی یەکەم و تەنها لە دوو قۆناغدا ڕوودەدات:**

**ماوەی یەکەم:** لەناو کۆلێژدا ئەنجام دەدرێت و ئامانج ئەوەیە بۆ بەدەستهێنانی فێرخوازەکان لە تواناکانی وانەوتنەوەیان ، وەک پلاندانان بۆ وانەکان و بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن. لەم قۆناغەدا شێوازی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت، وەک وانەوتنەوەی بچوککراو(مایکرۆتیچینك)، ڕاهێنانی پراکتیکی لە شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، سەردانی مەیدانی بۆ قوتابخانەکان.

**ماوەی دووەم:** کە تیایدا ڕاهێنانکردنی خوێندکاران لە سەر وانەوتنەوە لە قوتابخانەکاندا پراکتیزەبکەن. زانکۆ نێودەوڵەتییەکان جیاوازییان هەبووە سەبارەت بەو ماوەیەی کە تەرخانکراوە بۆ خوێندنی پراکتیکی، بەڵام لە یەکێک لەم جێگرەوانەی خوارەوە لانادات: (غنيمة، ١٩٩٦، ٥٧)

-جێبەجێکردنی خوێندکار بۆ وانەوتنەوە لە قوتابخانەیەک لە ماوەی وەرزی یەکەمی قۆناغی چوارەمی زانکۆدا.

- .جێبەجێکردنی خوێندکار بۆ وانەوتنەوە لە قوتابخانەیەک بۆ ماوەی مانگێک لە قۆناغی سێیەم و چوارەمی زانکۆدا.

-جێبەجێکردنی لە ساڵی یەکەمدا وەك مامۆستا دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە ساڵێکی ڕاهێنان دادەنرێت کە تێیدا مامۆستا بە جێبەجێکردنی کارەکانی بە تەواوی لەژێر چاودێری ئەو کۆلێژەی کە لێی دەرچووە.

**2-1-4-جێگرەوەی سێیەم - زیادکردنی ساڵی پێنجەم کە بە تەواوی تەرخانکراوە بۆ پەروەردەی پراکتیکی و بەمانەی خوارەوە تایبەتمەندە:**

-نیشتەجێکردنی خوێندکار لە دوای دەرچوونی زانکۆ لە قوتابخانەیەکی فێرکاری لە ژێر چاودێری بەڕێوەبردنی فێرکاری و قوتابخانەی میواندار لێی وانە بڵێتەوە و پێی دەوترێت مامۆستای یاریدەدەر.

-نیسابی خوێندکاری مامۆستا نیوەی نیسابی مامۆستایانی تر دەبێت، بەڵام دەبێت بە تەواوی بەشداری لە چالاکییەکانی قوتابخانەدا بکات و پابەند بێت بە هەموو یاساکانی قوتابخانە.

-مامۆستا دەتوانێت ماوەیەکی دیاریکراو لە دوو هەفتەی یەکەمی ساڵی خوێندندا وەک ماوەیەکی ئامادەکاری بۆ تێبینیکردن یان وانەوتنەوە بە ئامادەبوونی مامۆستای یەکەم یان کەسێک کە ئەزموونی بەرچاوی لەو بوارەدا هەبێت بەسەر ببات.
-سەردانیکردنی دەستەی وانەوتنەوەی کۆلێژ وەک سەردانەکانی سەرپەرشتیاری بۆ لای مامۆستا.
-مامۆستاکە لە کۆتایی ساڵدا لەلایەن لیژنەیەکەوە هەڵدەسەنگێندرێت کە پێکهاتووە لە مامۆستایانی کۆلێژ و پسپۆڕانی وەزارەتی پەروەردە و کارگێڕی قوتابخانە، دوای ئەوە بڕوانامە لە بواری وانەوتنەوە بەدەست دەهێنێت.

سەبارەت بەوانەی سیستەمیان زنجیرەییە تەواوکەری( النظام التتابعي) وەرزێکی تەواو لەخوێدن بۆیان تەرخاندەکەن لە هەندێك وڵاتیش ساڵێك بە تەواوییان پێ باشترە بۆ ئەم پرۆسەیە. (غنيمة، ١٩٩٦، ٩٨)

**٤-هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی پەروەردەی پراکتیکی**

پێویستە پێوانەی سوودمەندبوونی خوێندکاران بکرێت لەپەروەردەی پراکتیکیدا و بزانن ئەو ئاستەنگانە چین کە لە کاتی پێشکەشکردنی پراکتیکییدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و پێشنیارەکانیان بۆ گەشەپێدانی کردەیی، تیشك نەخرێتە سەر نمرەی فێرخواز بەڵکو گرنگی بە پێکهاتەکانی چالاکییە هەمەچەشنەکان بکرێت لە پەروەردەی پراکتیکیدا .
سەرەڕای جیاوازی بەرنامەکانی پەروەردەی پراکتیکی لە زانکۆ نێودەوڵەتییەکان، بەڵام توخمگەلێکی گرنگی زۆریان تێدایە، ئەوانیش: (محمد، 1996، 60)
-درێژکردنەوەی ماوەی خوێندنی پراکتیکی بەجۆرێک کە لە وەرزێک کەمتر نەبێت، بەڵام زۆرجار ساڵێکی تەواو دەخایەنێت، لە هەمانکاتدا تێکەڵکردنی لەگەڵ وانەوتنەوە بە بابەتە تیۆرییەکاندا.
-خوێندکاری /مامۆستا لە قوتابخانەیەکدا وەک یەکێک لە مامۆستاکانی قوتابخانە وانە دەڵێتەوە و مووچەیەک وەردەگرێت لە ژێر چاودێری یەکێک لە مامۆستایانی قوتابخانەکە.
-ئامادەکارییەکانی داهاتوو بۆ مامۆستا پێویستی بە وەرگرتنی چەمکی هەمەلایەنەی پەروەردەی پراکتیکی هەیە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە پەروەردەی پراکتیکی لە سێ توخم پێکبێت: پەروەردەی پراکتیکی لەناو کۆلێژ، پەروەردەی پراکتیکی جیاواز(جودا)، پەروەردەی پراکتیکی پەیوەستکراو. بیرکردنەوە لە ڕەوتە جیهانییە هاوچەرخەکان لە پەروەردەی پراکتیکیدا لە ڕووی ماوەوە و قۆناغەکانی تێبینیکردن و هەڵسەنگاندندا .

**2-2--سیستەمە سەرەکیەکانی ئامادەکردنی (خویندکارانی/ مامۆستا )لە کولێژەکانی پەردەردەدا**

**1-سیستمی یەکگرتوو یان تەواوکاری(النظام التكاملي)**

لەم سیستەمەدا، (خویندکاری/مامۆستا) وانە پسپۆڕی و پەروەردەییەکان لە یەک شوێندا و بۆ ماوەی چوار ساڵ دەخوێنێت. ئەم سیستەمە بەوە جیادەکرێتەوە کە دەتوانێت هەستە پیشەیی و نەریتیەکانی لە ماوەی ئامادەکارییەکەدا پەروەردە بکرێت، چونکە خوێندکار لە یەکەم ساتەوە کە دەچێتە کۆلێژی پەروەردە هەست دەکات کە ئەو ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستا، و خۆی و ژیری و هەستەکانی لەسەر ئەو بنەمایە ڕێکدەخات. گرنگترین کێشەی ئەم سیستەمە لاوازی ئامادەکاری پسپۆڕی، لاوازی ئامادەکاری کولتوری، و تێنەگەیشتنی (خویندکاری/مامۆستا) لە فەلسەفەی کۆمەڵگە (مدكور، 2005، 167)،ئەمە پێچەوانەی سیستەمی پاشکۆ (التتابعي)، کە

تێیدا ئامادەکاری لە دوو کۆلێژی جیاوازدا ئەنجام دەدرێت، یەکێکیان وانە پسپۆرییەکان پێشکەش دەکات، و ئەوی دیکەیان ئەرکی پێشکەشکردنی وانە پەروەردەیی و پیشەییەکانی لەئەستۆیە، سیستەمی تەواوکاری بە سیستەمێکی نایاب، یان باشتر لە سیستەمەکانی تر دادەنرێت. (عبدالوهاب، ٢٠٠٧)

2- **سیستەمی بەدوایەکداهاتن (النظام التتابعي):** لەو سیستەمەدا، (خویندکاری/مامۆستا) لە یەکێک لە بوارەکانی زانستدا پسپۆڕ دەبێت لە کاتی خوێندنی زانکۆییدا و دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، پەیوەندی بە دامەزراوەیەکی ئامادەکردنی مامۆستایانەوە دەکات کە بەرپرسیارە لە ئامادەکردنی پیشەییدا.

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم سیستەمە ئەوەیە کە مامۆستا بە زانیارییەکی فراوان و شارەزاییەکی زۆر لە بواری پسپۆڕیدا دابین دەکات، بەڵام کێشەی ئەوەیە کە پلاندانان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار قورس دەکات، چونکە دەرچووانی کۆلێژەکانی زانست و ئەدەبیات ڕەنگە ئارەزووی پەیوەندیکردن بە خوێندنی پەروەردەیی لە کۆلێژەکانی پەروەردەدا نەکەن، هەروەها قورسە خوێندنی پسپۆڕی ئاراستە بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی پیشەی مامۆستاییدا بگونجێت.

یان بریتییە لە سیستەمێک کە (خویندکاری/مامۆستا) بابەتەکانی پسپۆڕی لە ماوەی چوار ساڵدا پێ دەدرێت، پاشان ساڵێکی زیادەیان بۆ دادەنرێت کە تێیدا خوێندکار زانستە پەروەردەییە پیشەییەکان وەردەگرێت (نجيب و آخرون ، ٢٠١٦، 207-232)، ئەم سیستەمە خوێندکار لە لایەنی پسپۆڕیدا لەو کۆلێژانە ئامادە دەکات کە پەیوەستن بە پسپۆڕییەکەیەوە، وەک کۆلێژەکانی ئاداب، زانست، بازرگانی، کشتوکاڵ و هتد...، کە ئەم کۆلێژانە پسپۆڕ نین لە ئامادەکردنی مامۆستایان، و لە کاتی بوونی حەز و ئارەزووی خوێندکاران بۆ چوونە ناو پیشەی وانەوتنەوە، پەیوەندییان پێوە دەکرێت بۆ پیشەی فێرکردن.

مدكور(2005) پێشنیاری کردووە بۆ ڕزگاربوون لە کێشەکانی دوو سیستەمی پێشوو (یەک لە دوای یەک و تەواوکاری) پەسەندکردنی سیستەمی تەواوکاری بۆ مامۆستا، لەناو کۆلێژی پەروەردەدا لە ماوەی پێنج ساڵدا، کە تێیدا سەرنج دەخرێتە سەر ئامادەکاری پسپۆڕی لە ساڵانی یەکەمدا، پاشان سەرنج دەخرێتە سەر ئامادەکاری پیشەیی لە ساڵانی کۆتاییدا. ئامادەکارییەکە بە شێوەیەکی تەواوکاری ئەنجام دەدرێت، کە تێیدا ئەکادیمیستەکان و پەروەردەکاران پێکەوە کار دەکەن لە دارشتنی لایەنەکانی ئامادەکاری وانەکاندا.(پسپۆری، کەلتوری، پەروەردەیی) لە جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانیان (مدكور، 2005، 170)

**3-1-دۆخی سیستەمی پێگەیاندنی (خوێندکاری/ مامۆستا) لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا:**

**١-ئامادەکاری مامۆستا وەك واقیع و ئاڵنگارییەکان:**

کوالێتی پرۆسەی فێرکردن ناتوانێت بەدی بێت بەبێ مامۆستایەکی باش کە خاوەنی لێهاتوویی و تایبەتمەندی بەرز بێت، وە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێت لە جێبەجێکردنی سیاسەتە فێرکارییەکان و سەرکەوتنی پلانەکانی، چاکسازی و باشترکردنی پەروەردە پەیوەستە بە کوالێتی مامۆستاوە. سەرەڕای ئەوەش، توێژینەوەکانی پەیوەست بەم بابەتە دووپاتیان کردووەتەوە کە دۆخی فێرکردن لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و کۆلێجەکانی پەروەردە بە تایبەتی هێشتا بەدەست هەندێک کەموکورییەوە دەناڵێنێت کە ڕێگری لە ڕەوت و پەرەسەندنی بەرەو پێشەوە چوونی دەکەن. ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوەیە بە فەلسەفە و ئامانج و پراکتیزەکانی فێرکردنی باڵا و گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە، بەتایبەتی لەوەی کە پەیوەندی بە دۆخی ئامادەکردنی مامۆستاوە هەیە. دووای وردبوونەوە لەم دوو توێژینەوانەدا (حەمەراد،2011) و (کریم،2023) دەربارەی


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٢

دۆخی پرۆگرامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان لە کۆلێژەکانی پەروەردە لە زانکۆکانی هەریمی کوردستاندا، ئاماژە بە چەندین لایەنی نەرێنی دەکەین بۆ پرۆسەی ئامادەکردنی مامۆستا، لەوانە:

١-ناتەواوی پرۆگرامەکانی ئامادەکردن و ڕاهێنانی مامۆستایان لە پێدانی توانای فێربوونی خودی بە (خویندکاری/مامۆستا) کان، کە وایان لێدەکات نەتوانن بەدواداچوون بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتنە خێراکانی سەردەم بکەن لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

٢-بەپێی پێویست گرنگی بە لایەنی کرداری و پراکتیزەکردن نادرێت.

٣-ڕۆڵی کۆلێژەکانی پەروەردە هێشتا تەنها لە دەرچواندنی ژمارەیەکی زۆری مامۆستایاندا کورت بووەتەوە، کە بە شێوازێکی نەریتی(تقليد) بۆ پرۆسەی وانەوتنەوە ئامادە کراون، لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی نەریتییەوە، ئەمە جگە لە نەبوونی پێوەری زانستی لە شێوازەکانی هەڵبژاردندا کە لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و گۆڕانکاری سەردەم و پێشهاتە نوێیەکاندا بگونجێت، و هاوشانیان بێت یان پرۆسەی باشترکردن و پەرەپێدانی ڕاستەقینە بۆ سیستەمی پەروەردەیی ئەنجام بدات.

٤-بەکارهێنانی شێوازی نەریتی لە سەرپەرشتیکردن و ئاراستەکردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندندا، کە تێیدا تیشک دەخرێتە سەر لایەنی دەستکەوتی زانستی و فەرامۆشکردنی لایەنی لێهاتوویی و بەهایی، و سەرپەرشتی کردن لەسەر بنەمای دۆزینەوەی هەڵەکان.

٥-پرۆگرامەکانی خوێندن تیشک دەخەنە سەر بواری زانیاری و بایەخێکی کەم دەدەن بە لایەنەکانی دیکە کە لێهاتووییەکان گەشە پێدەدەن و توانستە داهێنەرەکان دەردەخەن و هانی داهێنان دەدەن.

٦-بوونی کێشەگەلێک کە ڕووبەڕووی (خویندکاری/ مامۆستا) دەبێتەوە پێش دامەزراندن لە بابەتی پەروەردەی کرداری (التطبيق العملي) دا، کە بە بەشێکی سەرەکی بۆ پرۆسەی ئامادەکردنی مامۆستایان دادەنرێت، چونکە ئەمە مەیدانی ڕاستەقینەیە کە تواناکان بەهێز دەکات و لێهاتووییەکان زیاد دەکات و کارامەییەکان بەرز دەکاتەوە، بەو پێیەی پراکتیزەیەکی ڕاستەقینەی وانەوتنەوەیە و دۆخێکی سروشتییە کە تێیدا (خویندکاری/ مامۆستا) زانیارییە تیۆرییەکانی خۆی وەردەگێڕێتە سەر پراکتیزەیەکی کردارییی ڕاستەقینە. ئەم ڕۆڵگێرانە لە میکانیزمەکانی ڕاهێنان و قوتابخانەی هاوکار و مامۆستای هاوکاردا خۆیان دەبیننەوە.

**2-ڕۆلی کولێجەکانی پەروەردە لە ئامادەکردنی مامۆستای لێهاتوودا:**

لە ژێر ڕۆشنایی پێداچوونەوە بە چەندین توێژینەوە وەك( المجيدل ،2006،) و(المفرج، المطيري،وحمادة، 2007) (النور، إسحاق، 2005) و راپورتی زانستی تێبینی توێژەر و بەشداری توێژەی لە وۆگشوپی تایبەت لەم بوارەدا لە ڕێکەوتی (30/11/ 2025) لە زانکۆی زاخۆدا وەك بەشداربوو ئەندامی گرۆپەکانی گۆڕانکاری لە بابەتی پەروەردەی پراکتیکی دا لە سەرانسەری زانکۆیەکانی هەریمی کوردستاندا و هەروەها وەك لە ماوەی خزمەتی پرۆسەکە لە بواری ئامادەکردنی مامۆستایاندا لە کۆلێژی پەروەردەدا، دۆخی ئامادەکردنی مامۆستا لە کۆلێژەکانی پەروەردەدا لەم خاڵانەدا کورت کراوەتەوە:

-ئامانجەکانی بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستا لە کۆلێژەکانی پەروەردەی لە هەرێمی کوردستاندا بە گشتی ناڕوونن و زۆرجار لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکانی ئامادەکردنی مامۆستادا ناگونجێن.

- بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستا زۆربەیان تیۆرین و دابەشکراون بەسەر چەند بابەتێکدا" کە گرنگی بە دەستکەوتی زانستی دەدەن بە واتا تەقلیدی وبەر تەسکەکەی، شێوازی باڵادەستی وانەوتنەوە بریتییە لە میتۆدی وانەبێژی (الإلقاء) و شێوازەکانی دیکە فەرامۆش کراون، لەبەر

زۆری ژمارەی ئەو خوێندکارانەی لە کۆلێژەکانی پەروەردەدا وەردەگیرێن، بەهۆی بەهەند وەرنەگرتنی لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە لە هەرێمی کوردستاندا.

-پەیڕەوکردنی سیستەمی تەواوکاری (التكاملي) بۆ ئامادەکردنی مامۆستا و کەمی لە ئامادەکاریی پسپۆڕی و پیشەییدا بۆ (خویندکاری/مامۆستا)دا.

-چاوپێکەوتنی کەسی، کە یەکێکە لە مەرجەکانی سیاسەتی وەرگرتن لە کۆلێجەکانی پەروەردەیی بەپێی ستاندارده جیهانییەکان ، هیچ ریکاریکی گونجاو ناگیرنەبەر بۆ ئەم پرسە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی گەیشتنی هەندێک خوێندکاری ناشایستە بە پیشەی مامۆستایەتی لە داهاتوودا، کە هیچ باوەڕێکی بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە نەبێت و تەنها قۆناغیکی ئاسان بێت بۆ دەرچوونی لە لە زانکۆ ببێت خاوەن بروانامەی بەکالوریوس.

-بەرنامەکانی ئامادەکاریی ئێستا لە کۆلێژەکانی پەروەردە ناتوانن توانای فێربوونی خودی بدەنە (خویندکاری/ مامۆستا) ، ئەمەش وادەکات نەتوانێت بەدواداچوون بۆ ئەو گۆڕانکاریانە بکات، کە بەسەر ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندندا دێن لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجیا لە سەردەمی جیهانگیریدا.

- لایەنی کرداریی و پراکتیزەیی لە بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستادا گرنگی و بایەخی پێنادرێت، بەڵکو زیاتر لایەنی ڕووکەشی لە سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستندا زاڵە، لە کاتێکدا ئەم بەرنامانە گرنگیی بە توێژینەوە تیۆرییەکان دەدەن کە زۆرجار سروشتێکی ناکردارییان هەیە، ئەمەش بووەتە هۆی بەربەستێکی ڕاستەقینە لای دەرچووانی ئەو دامەزراوانە و هەستکردن بە بوونی بۆشایی لە نێوان ئەو ئەزموونانەی کە پێیدا تێپەڕیون،لەکاتی ئامادەکردنیدا و ئەوەی لە ژیانی پیشەییدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بێگومان ئەمە کاریگەری نەرێنی لەسەر لێهاتوویی مامۆستا دەبێت.

تەواوکاری (التكامل) لە نێوان سێ لایەنەکەی بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستا (ئەکادیمی، پیشەیی، ڕۆشنبیری) وەک بیرۆکەیەک بوونی هەیە، بەڵام لە پراکتیکی کرداریدا بوونی نییە. هەماهەنگی زۆر لاوازە لە نێوان ئەو کەسانەی کە بەرپرسن لە فێرکردنی لایەنی پسپۆڕی و ڕۆشنبیری و پیشەیی ،"ئەمەش بە نۆبەی خۆی کاریگەری لەسەر پرۆسەی ئامادەکردنەکە هەیە، بەجۆرێک کە بەرنامەکە وەک کۆمەڵێک بابەتی جیاواز دەردەکەوێت کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نییە. بابەتەکە بۆ خوێندکار تەنها دەبێتە خوێندنی هەر وانەیەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە تێیدا، بەڵکو زۆرجار پاڵنەر و هۆکارەکانی خوێندنی ئەو بابەتانەی فێری بووە لە خوێندکار شاراوەیە" (الفالح، 2004، وكنعان، 2009).

- هەڵسەنگاندن بۆ گەشەی خوێندکاران بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ناتەواو ئەنجام دەدرێت. سەرەڕای ئەوەی کە دامەزراوەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان گرنگی بە پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی دەدەن وەک بابەتێکی خوێندن لە چوارچێوەی ئامادەکاریی پیشەییدا، بەڵام هەمان ئەم دامەزراوانە شێوازی کۆن لە هەڵسەنگاندنی خوێندکاراندا بەکاردەهێنن و زۆرجار تەنها تیشک دەخرێتە سەر لایەنی دەستکەوتی زانستی.

- بنەماکانی متمانەی ئەکادیمی (الاعتماد الأكاديمي) لە هەموو بوارەکانی ئامادەکردنی مامۆستای پیشەیی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیری لە کۆلێژەکانی پەروەردەدا بەدی نەهاتووە (كنعان، 2005؛ والشرعي، 2009).

- کۆمەڵێك ڕێسا و پێکهێنەرەکانی فەلسەفەی ئامادەکردنی مامۆستا بۆ داهاتوو هێشتا لەسەر بنەمای تێروانینێکی بەشەکییە(جزئی) نەک تێروانینێکی گشتگیر. پەیوەندی نێوان ئامادەکردنی مامۆستای قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەکردنی مامۆستای قۆناغی ئامادەیی و ئامادەکردنی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 2
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مامۆستای خوێندنی پیشەیی ڕوون نییە. لێرەوە هەندێکجار ناکۆکی و هەندێک جار تێکەڵاوی، و زۆربەی جارەکانیش دورکەوتنەوە دروست دەبێت.

**دەرئەنجامەکان:**

1- نەبوونی سراتیجیەکی روون لە ئاراستەی بەرنامەکانی پەروەردەی پراکتیکی لە هەرێمی کوردستاند.

2- ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران لە پرۆسەی پەروەردەی پراکتیکییدا لەلایەن ئەو سەرپەرشتیارانەی زۆر دوورن لە ستاندارده هاوچەرخە جیهانیەکان.

3- ڕۆڵی کۆلێجەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا ،تەنها لە دەرچواندنی ژمارەیەکی زۆری (خویندکاری/مامۆستا)یاندا کورت بووەتەوە، کە بە شێوازێکی نەریتی(تقليد) بۆ پرۆسەی وانەوتنەوە ئامادە کراون، لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی نەریتییەوە، ئەمە جگە لە نەبوونی پێوەری زانستی لە شێوازەکانی هەڵبژاردندا کە لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و گۆڕانکاری سەردەم و پێشهاتە نوییەکاندا ناگونجێت.

4- پرۆسەی ئێستا کە جێبەجێدەکریت جێگای خۆی لە پێشکەوتنە زانستییەکان و ئەو پێشکەوتنە بەردەوامانەی لە زانستە پەروەردەیی و دەروونییەکاندا بەدەست هاتوون، تێڕوانینێکی نوێیان بۆ پرۆسەی فێرکردن و ئامادەکردنی مامۆستایان نە هێناوەتە ئاراوە.

5- لە هەرێمی کوردستاندا هیچ پێداچوونەوەیەك جدی بۆ ماوەی پەروەردەی پراکتیکی نەکراوە هەمووی کۆ کراوە لە مانگی سێ کەلەهەرێمی کوردستان وەك مانگی پشوو ناسراوە بە شێوەیەک کە ماوەی جێبەجێکردنەکەی درێژتر ناکرێت، و بواری هاوکاری لە نێوان کۆلێژەکانی پەروەردە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فراوان بکرێت، بە شێوەیەک کە بنیاتنانی پرۆگرامەکان بەدی بهێنێت کە داواکارییەکانی بازاڕ جێبەجێ بکات و پێداویستی و ئاواتەکانی کۆمەڵگە دابین بکات.

6- نەبوونی بابەتێك کە بەدرێژایی ساڵ بخوێنرێت لە سەر پەروەردەی پراکتیکی وەك پاڵپشتییەك بۆ ئەو بۆشاییانەی کە لە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوو پیوانەو هەڵسەنگاندندا پڕ نەکراونەتەوە.

**پێشنیار:**

1- پێویستە ئەنجامدانی پێداچوونەوەیەکی گشتگیر بۆ بەرنامەکانی پەروەردەی پراکتیکی دووساڵ جارێك ئەنجام بدرێت بۆ پەرەپێدانی بەپێی پێداویستییەکانی مامۆستایان وکۆمەڵگا و هاوشانبوون لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم.

2-سود وەرگرتن لەم ئاراستەیە بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا.

3- دووبارە سەیرکردنەوەی سیستەمی سیاسەتی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی خوێندکاران بۆ بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستای کارامە لە ڕێگەی پێوەرەکانی کوالێتی سەردەم.

4- نوێکردنەوەی بابەتەکانی کۆرسەکانی خوێندن کە خویندکاری مامۆستا لە بەرنامەکانی ئامادەکاری دەیخوێنیت و پەرەپێدانی ناوەرۆکیان بۆ هاوشانبوون لەگەڵ سەردەمی هاوچەرخ لە بواری ئامادەکردنی مامۆستادا.

5- جەختکردن بە هەموو ڕێگایەك لەسەر ئاراستە جیهانییە هاوچەرخەکان لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا لە بواری ئامادەکردن و ڕاهێنانی (خویندکاری/ مامۆستا) دا بە سود وەرگرتن لێیان بەپێ گونجاوی لەگەڵ باروذۆخ و تواناو سیستەمی فێرکردنی هەرێمی کوردستان.

6- ئەنجامدانی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆلێجەکانی پەروەردە لەڕێگەی کونفرانس و وۆرکشۆپی تایبەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و جێبەجێکردنی پێوەرەکانی کوالێتی

گشتگیر لە کۆلێجەکانی ئامادەکردنی مامۆستایاندا بۆ ئەوەی هەموو بوارەکانی پەیوەست بە پرۆسەی پەروەردە بگریتەوە و دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی.

**سەرچاوەکان:**


– الخطابيــة، ماجــد محمــد (٢٠٠٢)، التربيــة العمليــة الأســس التظريــة وتطبيقاتهــا، دار الشرق،ط٧،جامعة مؤتة– الأردن.

–الخطابى، عبدالحميد بن عويد،واخرون(٢٠٠٢)، التربية العملية لأسس النظرية وتطبيقاتها، ط١، دار الشروق ،عمان، الأردن.

–المطلق، فرح سليمان(٢٠١٠)، واقع التربيةالعملية لطلبة معلم الصف في كلية التربية بجامعة دمشق، مجلة جامعة دمشق، المجلد ٢٦– العدد١–٦١–٦٥.

–المفرج، بدرية والمطيرى،عفاف وحمادة، محمد(٢٠٠٧) الاتجاهات المعاصرة في إعداد المعلم و تنمية مهنيا، وزارة التربية، الأردن.

–النور، أسامة والشعار،إسحاق (٢٠٠٧) تحليل لبعض تجارب الجامعات العربية والعالمية في تحقيق الجودة والاعتماد، مؤتمر القومي السنوي الرابعشر(العربي السادس) آفاق جديد في التعليم الجامعي العربي.

–السعيد، سعيد محمد (٢٠٠٦)، التربية العملية وإعداد معلمي المستقبل ، الجمعية المصرية للمناهج وطرق التدريس، مجلة دراسات في المناهج و طرق التدريس، العدد الثالث عشر بعد المائة، ابريل ص (٦–٢١).

–المجيدل،عبداالله (٢٠٠٦) اتجاهات طابة كلية التربية في صلالة نحو مهنة التعليم، دراسة ميدانية المجلة التربوية، العدد ٨١–،المجلد ٢١– مجلس النشر العلمي، جامعة الكويت.

–حەمه مراد، كريم احمدعزيز (٢٠١١)، تقويم واقع التربية العملية في كليات التربية الأساسية من وجهة نظر المشرفين و مديرى المدارس والطلبة المعلمين في إقليم كوردستان/ العراق، رسالة ماجستير غير منشورة

–حسن ، أحمد ماهر، آخرون ( ٢٠٠٨)، التدريس في التربية الرياضية، دار الفكر العربي ،ط١، القاهرة.

–حماد، شريف (٢٠٠٥)، واقع التربية العملية في مناطق جامعة القدس المفتوحة بمحافظة غزة من وجهة نظر الدارسين، مجلة الجامعة الإسلامية، المجلد ١٣– دار جامعة عدن.

–عبدالوهاب، عبدالقادر (٢٠٠٧)، درجة أكتساب الكفايات التدريسية من قبل طلبة المدرسة

العليا للاستاذة المساعدين بالثانويات، رسالة دكتوراه غير منشورة، الجزائر.

–غنيمة، محمد متولي (١٩٩٦) سياسات وبرامج اعداد المعلم العربي، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.

–قدار، خالد محمد، عليوة، أبو بكرعلى (٢٠١٧) تقويم برمامج التربية العملية كلية التربية زنجبا، مجلة العلوم التربوية، العدد الرابع –ج١، جامعة عدن.اليمن.

–قورة، حسين سليمان (١٩٩٣) إعداد معلم المرحلةالثانوية، مجلةالتربية، قطر س٢٢ العدد ١٠٤.

–كنعان، أحمد (٢٠٠٩) تقيم برنامج تربية المعلمين ومخرجاتها وفق معايير الجودة من وجهة نظر طلبة السنة الرابعة في قسم معلم صف وأعضاء الهيئة التعليمية. مجلة جامعة دمشق ،مجلد ٢٥، عدد ٣–٤ ، ص ١٦–٩٣.

–كنعان، أحمد (٢٠٠٥) الآعتماد الآكاديمي لمؤسسات التعليم العالي في الجمهورية العربية السورية بين الواقع والمأمول: دراسة ميدانية في كلية التربية جامعة دمشق– برنامج أعداد المعلم أنموذجاً. المؤتمر التربوى الخامس لجودة التعليم العالي ١١—١٣–/٤/٢٠٠٥، كلية التربية جامعة البحرين.

–مداح ، ساميه صدقة حمزة (٢٠٢٣)، مدى مساهمة مقررات طرق التدريس في تطبيق التربية العملية للأقسام العلمية بكلية العلوم والتطبيقية بجامعة أم القرى . مجلة التربية .

–مدكور، على (٢٠٠٥) معلم المستقبل– نحو أداء أفضل– ط١، دار الفكر العربي ، القاهرة.

–مرتضى، سلوى، وآخرون (٢٠١٣)، الطرائق الخاصة في التعليم الأساسي الحلقة الأولى، منشورات جامعةدمشق كلية التربية،سوريا.

– نجيب، كمال وآخرون (٢٠١٦)، إعداد المعلم و تدريبه كأحد مدخل تحقيق الجودة في التعليم، مجل' المؤسسة العربية للاستشارات العلمية وتنمية الموارد البشرية، ١٧(٥٤).

**– المصادر اللغة العربية المترجمة الى اللغة الانگليزية**

- Khattabiyyah, Majid Muhammad (2002). *Practical Education: Theoretical Foundations and Applications* (7th ed.). Dar Al-Sharq, Mutah University, Jordan.
- Al-Khattabi, Abdulhamid bin Uwayd et al. (2002). *Practical Education: Theoretical Foundations and Applications* (1st ed.). Dar Al-Shorouq, Amman, Jordan.
- Al-Mutlaq, Farah Sulaiman (2010). The Reality of Practical Education for Classroom Teacher Students at the Faculty of Education, Damascus University. Damascus University Journal, Vol. 26, Issue 1, pp. 61–65.

-Al-Mufrij, Badriya, Al-Mutairi, Afaf, & Hamada, Muhammad (2007). Contemporary Trends in Teacher Preparation and Professional Development. Ministry of Education, Jordan.

- Al-Nour, Osama & Al-Shaar, Ishaq (2007). Analysis of Some Arab and International University Experiences in Achieving Quality and Accreditation. Proceedings of the 14th Annual National (Sixth Arab) Conference: New Horizons in Arab University Education.

- Al-Saeed, Saeed Muhammad (2006). Practical Education and the Preparation of Future Teachers. Egyptian Society for Curricula and Teaching Methods, Journal of Studies in Curricula and Teaching Methods, Issue 113, April, pp. 6–21.

- Al-Majidil, Abdullah (2006). Attitudes of Students at the Faculty of Education in Salalah Toward the Teaching Profession: A Field Study. Educational Journal, Issue 81, Vol. 21, Scientific Publishing Council, Kuwait University.

- Hama Murad, Karim Ahmed Aziz (2011). Evaluating the Reality of Practical Education in Basic Education Colleges from the Perspectives of Supervisors, School Principals, and Student Teachers in the Kurdistan Region/Iraq. Unpublished Master's Thesis.

- Hassan, Ahmed Maher, et al. (2008). Teaching in Physical Education. Dar Al-Fikr Al-Arabi, 1st ed., Cairo.

- Hammad, Sharif (2005). The Reality of Practical Education in Areas of Al-Quds Open University in Gaza Governorate from the Students' Perspective. Islamic University Journal, Vol. 13, University of Aden.

- Abdulwahab, Abdulqadir (2007). The Degree of Acquisition of Teaching Competencies by Students of the Higher School of Assistant Professors in Secondary Schools. Unpublished Doctoral Dissertation, Algeria.

- Ghonaimah, Muhammad Mutawalli (1996). Policies and Programs for Preparing Arab Teachers. Egyptian Lebanese House, Cairo.

- Qaddar, Khaled Muhammad, & Aliwa, Abubakr Ali (2017). Evaluation of Practical Education Programs at the Faculty of Education, Zanzibar. Journal of Educational Sciences, Issue 4, Vol. 1, University of Aden, Yemen.

- Qoura, Hussein Sulaiman (1993). Preparing Secondary School Teachers. Tarbiya Journal, Qatar, Vol. 22, Issue 104.

**-Kanaan, Ahmed (2009).** Evaluation of the Teacher Education Program and Its Outcomes According to Quality Standards from the Perspective of Fourth-Year Students in the Classroom Teacher Department and Faculty Members. *Damascus University Journal*, Vol. 25, No. 3-4, pp. 16-93.

**- Kanaan, Ahmed (2005).** Academic Accreditation of Higher Education Institutions in the Syrian Arab Republic: Between Reality and Aspirations. A Field Study at the Faculty of Education, Damascus University—Teacher Preparation Program as a Model. *Proceedings of the Fifth Educational Conference on Quality in Higher Education*, 11–13 April 2005, Faculty of Education, University of Bahrain.

**-Maddah, Samia Sidqah Hamza (2023).** The Contribution of Teaching Methods

Courses to the Implementation of Practical Education for Scientific Departments at the College of Science and Applied Science, Umm Al-Qura University. *Journal of Education*.

- **Madkour, Ali (2005).** The Future Teacher: Toward Better Performance (1st ed.). *Dar Al-Fikr Al-Arabi*, Cairo.

- **Murtada, Salwa, et al. (2013).** Special Methods in Basic Education: First Cycle. *Publications of Damascus University*, *Faculty of Education*, Syria.

- **Najib, Kamal, et al. (2016).** Teacher Preparation and Training as an Approach to Achieving Quality in Education. *Journal of the Arab Institution for Scientific Consultations and Human Resource Development*, 17(54)

**-المصادر الانگليزية**

-Miller, L.D (1993): "preparing elementary mathematics scince teaching specialislisits", Athematic teacher. Vol. 40, No.4, Dec, NCTM, Virginia. U.S.A.

-Warren D.G. (1991): "the effectiveness of preparation programs for elementary school teachers in Texas viewed", by elementary school teachers training, east Texas-state University

-Heddens, J.W. (1992): Mathematics Education specialization Program Mathematics clinicians, Pub. By: Kent state University, Ohio college of Education.

**-المصادر الكوردية:**

-كريم، ئاريان فاضل (2023)، ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت لە بابەتی (بینین وپراکتیزەکردن) وپیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێروانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیاری بەرێوەبەری قوتابخانەکانەوە،نامەی ماستەر لە زانکۆی سلیمانی، کۆلێجی پەروەردەی بنەرەت.سلێمانی.